# پڕۆژەی شاری میوزیک واتە پێشبڕکێی شاری میوزیک !



لەسەرەتای ساڵی هەزار ونۆسەدو هاشتاو دوو بە شێوەیەکی پڕاکتیک پێشبڕکێی شاری میوزیک دەستی پێکرد بە بەشداربوونێکی بەرفرەوان لە ئەندازیارانی جیهان هەرئەندازیارێک لەلایەنی خۆیەو لەسەر ئاستی بەهرەمەندی خۆی دیزاینێکی پێشکەش کرد، مەرجی نایابی دیزاینەکەش ئەوەبوو کە دەبوایە شاری میوزیک بە باشترین شێوە لەنا وپاڕکەکە خۆی پیشان بدات، لەکۆتاییش بەرهەمی ئەو پێشبڕکێیە کەوتە بواری جێبەجێ کردن بەهەڵبژاردنی دیزاینێکی فەرەنسی ئەمریکی کە خۆی لە جوانترین و نایابترین شێوەو شێوازی ئەندازیاری دەدۆزیەوە کە لەلایەن هەردوو ئەندازیارانی هێژا (چوشی) و ( کریستیان دووپۆخت پاڕک ) پێشکەش کران، کە ئیمرۆ ئەوشوێنە بۆتە باشترین شوێنی زانستی لەپێناوی خزمەت بەمیوزیک جگە لەوەی بەیەکێک لە مەزنترین پڕۆژەکانی جیهانی میوزیک دەژمێردرێت لەسەر ئاستی جیهان کە خزمەت بە کۆنسێرڤاتواری میوزیک و مۆزەخانەی میوزیک دەکات لەوڵاتی فەڕەنسا. گەلۆ خاڵەکانی سەرکەوتنی ئەو پڕۆژەیە بە پلەی یەکەم بۆگونجانی ئەو شێوازە هارمۆنیە دەگەڕێتەوە لەنێوانی دیزاینی شاری پارس و شوێن و دیزاینی پڕۆژەکە چونکە ئەو جۆرە پڕۆژانە گەرەکە لە هەموولایەنێکی جوان زانی و ئەندازیاری هەڵگێڕو وەرگێڕ بکرێت و گفتۆگۆی لەسەر بکرێت بەر لە کارکردنی پڕاکتیک لە پڕۆژەکەنەوە جا لەئاکام ببێتە خاڵێکی ڕەخنەکراو لەلایەن ئەندازیاران و هونەرمەندان و خەڵکی بیرمەندو هێژای وڵات رونتر هەنگاوەکانی جوانکردنی شار نەبێتە مایەی ناشیرنکردنی شار بە تایبەتیش لەبواری بینینی ئەو مرۆڤانەی کە هەستی بینینیان زۆر بەهێزە و شتە هونەریەکان جیاواز دەبینن لە خەڵکی تر، چونکە جۆرێک لەپڕۆژەی وا لەئەوروپا بەگشتی لەسەرئاستی بەهرەمەندی و هۆشیاری ئەندازیاران و هونەرمەندان جێبەجێ دەکرێت بە پاڵپشتی دەسەڵات بەتایبەتیش ئەو کەسایەتیانەی کەلەناو دەسەڵات خاوەنی چەشەیەکی بەرزی هونەرو جوانیین.

گەلۆ ئە وخاڵە هەرە گرینگەی کە جەختی لەسەرکراوەتەوە لە پڕۆژەی شاری میوزیک دەکرێت ناوزەدی بکەین بە خاڵی پێک گەیشتنی چاوەکان واتە بۆوەی شاری میوزیک هەم ئامادەی تەواوی خۆی هەبێت لەناو پارکەکەو بە هەمان شێوەش لەدەرەوەی پارکەکە واتە لەسەر شەقامە سەرەکی و گەورەکەی بەردەم خۆی هاوکات ببینرێت لەلایەن خەڵکانێک کە بەوشوێنە تێپەڕدەبن، چونکە هەرپڕۆژەیەکی ئەندازیاری و هونەری واتە مۆزەخانە یان گالەری نابێت زیندانی بکرێت لە ناوەڕاستی پارکێکی گەورە، دەبێت شوێنێکی وای بۆ هەڵبژێردرێت لەناو پارکەکە لە دەرەوەی پارکەکەش ئامادەیی خۆپیشاندانی هەبێت بۆ چاوی خەڵک، نەوەک بینەر بە شێوەی ڕێکەوت لەناو پارکەکە بەسەری دابکەون یان کاتژمێرێک لە ناو پارکەکە بۆی بگەڕێن. واتە شاری میوزیک و پارکەکەو پانتا سەوزایەکانی بەردەم و دەوروپشتی شارەکە هەریەکە بوونەتە تەواوکەری ئەوی تر، نمونەی هارمۆنی فێستیڤاڵێکی میوزیک. پڕۆژەی شاری میوزیک کە پڕۆژەیەکی فەرەنسی ئەمریکیە هەروەک لەسەرتا ئاماژەم پێکرد ئەندازیاری فەرنسی( کریستیان دووپۆخت پارک ) بەشداری لەو پڕۆیەکردوو دەبێژێت:' بە هەوڵو کۆششی من و( چوشی ) ئەندازیار گەیشتینە ئەوئاکامەی کە بتوانینن نمونەی هۆنراوەیەکی سەرکەوتوو لە خەیاڵی بەرفرەوانی هۆزان ڤانێک لەبواری وشەی دەوڵەمەندو ڕیتمی جوان و هاوسەنگ لەداڕشتنی سەرکەوتنی هۆنراوەکە، ئێمەش بەهەمان شێوە سەرکەوتووبین لەو کارەمان لەکۆتایی نمونەی بوومەلەرزەیەک خەڵکی شاری پارسی ڕاچلەکاندووهێنایە لەرزین'

**شێرکۆ جەلال**

بەشی دووەم

# بانگەوازێکی گوماناوی لە کۆمپانیایەکی نادیارەوە بۆ ئافرەتانی کوردستان

کۆمپانیای Hawian بۆ سینەمای جیهانی لەبانگەوازێکدا کە بۆ زیاتر لە 40 سایتی کوردی ناردووە، داوا لەئافرەتانی کورد دەکات بۆ بەشداریکردن لەکورتە فیلمێکدا سەبارەت بەرەوتی ژیانی ژنان لەژێر سایەی ئایینی ئیسلامدا، بەڵام دیارییان نەکردووە چ جۆرە ژیانێک و لە چ دیویکەوە ڕەوتی ژیانی ژنان هەڵدەسەنگێنن. ئایا باس لەڕووە سلبیەکەی ئیسلام لەسەر ژیانی ئافرەت دەکات یان ڕووە جوان و ئیجابیەکەی ئیسلام نیشان دەدات؟

ئەم بابەتە هەر لە بنەڕەتەوە جێگەی گومانە، نەوێب سایتی کۆمپانیاکە دیاریکراوە، نەناوی فیلمەکە، نەنوسەرو بەرهەمهێنەر و دەرهێنەرەکە..هتد. ئەی ئەزموونەکانی پێشینی ئەم کۆمپانیایە چین؟ تا ئێستا چ بەرهەمێکیان هەبووە؟ لەچ فیستیڤاڵێکدا بەشداریان کردووە؟ ئایا بڕوانامەو دیبلۆمی فلیمسازییان هەیە؟

تەنیا ئیمێل ئەدریسێک نوسراوە کە هیچ کەس نازانێت هی کێیە! تەنها لەسەرەوە نوسراوە (دەرهێنەرەکە).

ئەگەر کۆمپانیایەک (وەک خۆتان دەڵێن: سینەمای جیهانی) بێت خۆ دەبێت هەر هیچ نەبێت شرەوێب سایتێکی هەبێت.

پێدەچێت ئەو برادەرانە نیازی ئیشی خێریان هەبێت و لەرێگەی ئەم جۆرە بانگەوازانەوە بیانەوێت کچان لەدەوری خۆیان خڕ بکەنەوەو کاری هونەرییان لەگەڵدا ئەنجام بدەن.

ئەگەر تەماشای بانگەوازەکە بکەین زیاتر لەبەیاننامەی باندێکی مافیایی یان گروپێکی بازرگانی کردن بەئافرەتەوە دەچێت. تا کۆمپانیای فیلم، سەبارەت بەناوەرۆکی فیلمەکە هیچ نەوتراوە، کێ دەڵێت بەتەمای فیلمی(پۆرنۆ) نین.Pornographic movies

دیارە هەموومان حاڵ و وەزعی هونەر و فلیمی کوردی باش دەزانین هەر بۆیە ئەم جۆرە کۆمپانیایانە وەک قارچک هەڵدەتۆقن. ئەو فیلم و تەمسیل و دراما جوانانەی سەر سیدی و تەلەفیزۆنەکان شایەدحاڵی ئەم وەزعەن. دەترسم بۆ نەگبەتی ئەو کچانەش، هەر بەخۆبەخش کاریان پێ بکەن و هەقی ماندووبوونەکەشیان پێ نەدەن.

لەمەرجەکاندا ئاوا دەڵێن:

1- تەمەنی لەنێوان (25) (40) ساڵ زیاتر نەبێت. باڵای لە150 سم کەمتر نەبێت، کێشی لە75 کیلۆ زیاتر نەبێت. دیارە ئەو برادەرانە حەزیان لەکچێکی باڵابەرزی، پێگەیشتووی، ناوقەد باریکە، خۆزگەبیشیان نوسیبا: ئاخۆ دەبێت ئەسمەر یان سوورو سپی بێت.

2- مەرج نییە پێشتر کاری هونەری کردبێت، قەیدی چییەخۆیان فێریان دەکەن! ئەی لەو هەموو کچە هونەرمەندە بەئەزموونانە بۆ داوا ناکان، چونکە دەزانن وەڵامی (نا)یان پێ دەدەن.

3- لەڕووی یاساییەوە توانای گەڕان و سەفەری هەبێت لەنێو وڵاتانی ئەوروپادا. دیارە بەنیازن فیلمی (جیمس بۆند!) دەربکەن بۆیە هەر دیمەنیکی لەووڵاتێک فیلم دەگیرێت.

4- مەرجی چوارەم زۆر هەزلییە: هەموو ئەو زانیاریانە دەربارەی هەموو لایەنەکانی فیلمەکە دەدرێت بەئافرەتە بەشداربووەکە، دیارەپێدانی زانیاری بەبەشدار بوو بەداهێنانێکی زور مەزنی دەرهێنەری ناوبراو دادەنرێت. وەک ئەوەی لەجیهاندا دەرهێنەرەکانی تر زانیاری نەدەن بەئەکتەرەکانیان، ئاخر کێ هەبووە لەدنیادا لەکارێکدا بەشداری بکات بێ ئەوەی زانیاری سەرەتایی وەرنەگرتبێت. ئەم داهێنانە نوێیە مەگەر تەنها لەکۆمپانیای (هاوی فیلم) دا بەرچاو بکەوێت. دیارەکە بە ئافرەتەکە ڕازی بوون ئەوسا سیناریۆی فیلمەکەی پێ نیشان دەدەن. هەرچییەکیشی پێ بڵێن دەبێت قبووڵی بکات.

5- ئامادەیی هەبێت ئەو دۆکۆمێنتانە پێشکەش بکات کەلەلایەن دەرهێنەرەوە داوای لێ دەکرێت.

ئەمەش هەمان ڕەوشتی باندەکانی بازرگانی بەئافرەتەوەیە، کە پێشتر دوکیومێنت و پاسپورتەکانیان لێ زەوت دەکەن و ئافرەتەکە ڕاپێچی ئەم سەنعەتە دەکەن.

ئەم هەموو شێوروڕێویە بۆ کورت ەفیلمێکە، جا ئەگەر فیلمەکە درێژ بووایە چیمان بکردایە.

لەکۆتاییدا دەڵێم: تۆ بلێیت ئافرەتان ئەوەندە بێ ئاگا بن، بەبێ هیچ زانیارییەک خۆیان بخەنە داوی کەسانێکی نەناسراوەوە؟

بەبرادەرانی هاویان فیلم و دەرهێنەرەکەیش (دیارەخەڵکانێکی هاوین) بەناوەکەشیاندا دیارە کە ئاماتوورن، دەڵێم: ئەو یاریە کۆنە، دەڵێی منداڵ فریوو دەدەن. ئەگەر هەر زۆر حەزتان لەکچانە، کارێکی زۆر ئاساییە وچەندین شێوەی ئاسان تر هەیە بۆ دۆست پەیداکردن و حەز حەزۆکێ.

**شێرزادی ڤیدیۆ**

# خانمە گۆرانیبێژەکان لە نێوان مەیلی خۆدەرخستن و خواستی بەرپرسان دا

ژن بەلای زۆرینەی پیاوانی کوردستانەوە ئەو بونەوەرە زەوق بەخشەیە کە ئارامی پێدەبەخشێ و دایدەمرکێنێتەوە، لەو سۆنگەیەشەوە چاوی حەز لە ژن و کچان دەبڕن، تا بۆیان بکرێ، هەوڵی دەستەمۆکردنیان دەدەن، ئەمەش وایکردوە کە ڕەگەزی مێینە بە پارێزەوە خۆی لە قەرەی هونەرو مۆزیک و بوارەکانی دیکە بدات.

بەداخەوە زۆربەی کچان و ژنان کە روو لەکاری هونەری، بەتایبەتیش کە روو لە گۆرانی گوتن دەکەن، لە دوای ماوەیەکی کەم هەست بە ماندووبوون و بێزاری دەکەن. هەندێکیان لە دیدارو هەڤپەیڤینەکانیاندا بە راشکاوانە ئاماژەیان پێدەکەن، هەرچەندە زۆربەی ئەو هونەرمەندانەش لەنێوان مەیلی خۆدەرخستن و سەرمایە کۆکردنەوەو خواستی پیاواندا تێدەکەون.

هەندێک لە کچ و ژنانەی کە دەست بە گۆرانی گوتن دەکەن، هەڵپە دەکەن تا بە خێرایی بناسرێن و سەرمایە کۆبکەنەوە، ئەمەش ئاسانکاری دەکات تا لە داوی پیاوانی هەوەسباز بکەون. ئێستا وای لێهاتووە کە ژمارەیەک لە گۆرانیبێژە ژنەکان نایانەوێ دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆنەکاندا بکەن، یان ئەوەتا لە پرسیاری رۆژنامەنووسان دەترسن، یان نایانەوێ رازی شاراوەی خۆیان بدرکێنن و دەردەسەری بۆ خۆیان دروست بکەن، هەندێکیشیان لە قسەو قسەڵۆک دەترسن و دوورە پەرێزی لێدەکەن.

لەلایەکی دیکەشەوە وەک دەبینین، هەندێک لەو هونەرمەندانە بە تۆمارکردنی گۆرانییێک یان کلیپێک لەخۆیان بایی دەبن، خۆیان لێدەگۆڕێ و وا دەزانن ناوبانگی جیهانیان وەدەست هێناوە!!

هەندێکیان چێژ لە قسەی پیاوان وەردەگرن کە پێیان دەڵێن: 'وای چەند جوانە!'، 'ئۆی چەند ناسکە؟' وا بتخۆم' ئەوانەو چەندین وشەو رستەی دیکە. هەندێک لەو هونەرمەندانە حەز دەکەن ئۆتۆمۆبیلیان بە ناو بکرێ. گۆرانیبێژێک گوتبوی: 'بۆ سەیارەی مۆنیکاو لەیلا عەلوی و مەرزیەو وەنەوشە هەیە؟ بۆ سەیارەیەک بە ناوی منیشەوە ناکەن؟!!

کچانێک کە تەنیا دەنگیان خۆشەو هیچ لە هونەری گۆرانی و مۆزیک نازانن، زوو لەداوی بازرگانان دەکەون، تەنانەت هەندێک لە پیاوە هونەرمەندەکان زۆر بە راشکاوانە باس لەوە دەکەن کە فڵانە ژەنیار، یان فڵانە بەرپرس و فیسارە کەس دەستێکی باڵای لە هونەری دەستەمۆکردنی ژناندا هەیە، کچان دەبات و لە وڵاتان دەیانگێڕێ و لەوێ بە ئاوازێکی سەقەتەوە گۆرانیان بۆ تۆمار دەکات.

هەندێک لە هونەرمەندان باس لە دیاردەی تامیکردن دەکەن کە هەندێک بەرپرس ئەنجامی دەدەن، بەتایبەتیش هاوکاریکردن بۆ بەرهەمهێنانی سی دی و کلیپ کردن، یان بەخشینی زەوی و پاداشتی گرانبەهای دیکە. لەوانەیە هەموو ئەو قسەو قسەڵۆکانە راست نەبن، بەڵام دیاردەی بەخشینی زەوی بەرچاوە، ئەمەش هەندێک لە هونەرمەندانی توڕەو بێزار کردووە. رۆژنامەنووسێک لە بابەتێکدا نووسی بووی: 'بۆ فڵانە کەس کە هونەرمەندێکی ناسراوو بەتوانایە کەس ئاوڕی لێنەداتەوەو تا ئێستاش لە خانووی کرێدا دەژی؟ بەڵام کچەکەی بە گۆرانییێکی سەقەتەوە بۆتە خاوەن شوقەی خۆی و شەق لە دۆلار هەڵدەدات؟

لەوانەیە ئەو رۆژنامەنووسە ئاگای لەوردەکاریەکانی ژیانی هەردوکیان هەبێ، بەڵام من ناتوانم لاگیری لێبکەم، بەڵام ئەوەی بەرچاوەو دەبینین ئەوەیە کە هەندێک کچ و ژن هەر لە هیکەوە دەردەکەون و دەوڵەمەند دەبن و بایەخی تایبەتیان پێدەدرێ!

لەو رۆژانەی رابردوودا دیداری هەندێک هونەرمەندم خوێندەوە، یەکێکیان زۆر بەختەوەرە کە پیاوان بە شان و باڵی هەڵدەڵێن، یەکێکی دیکەیان لە هەترەشی رۆژنامەنووس چووەو بێزاری لە بڵاوکراوەکان دەردەبرێ، یەکێکی دیکەشیان باس لە هەوڵی تامیکردن وبەڵێنی بەخشینی 500 مەتر زەوی دەکات.

ئەگەر مرۆڤی بە ویژدان لەو قسانە وردبێتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە هەموو هونەرمەندان یەک ئاوات و یەک خواستیان نیە، بەڵام دیسانیەشەوە بۆی دەردەکەوێ کە ئەوان لەنێوان دوو ڕیانێکدا راوەستاون، ئەمسەری ناساندن و سەرمایەیە، ئەوسەریشی خواستی پیاوانی هەوەسبازە.

هەموو هونەرمەندان چ نێر چ مێ دەبێ بزانی کە هونەر موڵکی خودی خۆیان نیە، خۆشیان موڵکی هەموو نەتەوەو مرۆڤایەتین، بۆیە نابێ هەڵپەی خۆدەرخستن بکەن و لەو ڕێگەیەشەوە جەستەی خۆیان رادەستی پیاوانی هەوەسباز بکەن و خۆیان بدۆڕێنن.

وەک دەڵێن هیچ رازێک تا سەر بە شاراوەیی نامێنێتەوە، ئاکام ئەوەی بن بەرێ، دێتە سەر بەرێ.

**ئارام هەولێری**